# ریباڤیرین زەردووی تولانی جۆری C چاکدەکاتەوە .

پسپۆرانی نەخۆشییە درمەکان (زەردووییەکان) ی سوێد ئاشکرایانکرد کە زەردوویی تولانی جۆری C کە یەکێکە لەو نەخۆشییە ڤایرۆسییانەی کاردەکاتە سەرجگەر و دەبێتە هۆی سۆی تولانی جگەر بە ریباڤیرین چاك دەبێتەوە . هەرچەندە هەندێك لە تووشبوان نەخۆشییەکەیان پێوە دیارنییە بەڵام لە پێنج کەسدا هێدی هێدی یەکێکیان تووشی دارزین یان شێرپەنجەی جگەر دەبێت . ئەو کەسانەی تووشی جۆرە سەختەکەی ئەم زەردووییە دەبن پێویستە پێش دەرکەوتنی ئالۆزکارییەکانی زەردووییەکە چارەسەریان بکرێت یان کەمبکرێتەوە . پاش ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی سنووردار لە نەخۆشخانەکانی کارۆلینسکا و هودینیێ ی ستۆکهۆڵم کە چەند نەخۆشێکی لە خۆگرتبوو، ئەو نەخۆشانەی دووژەم ئەنتیڤایرۆس Ribavirin یان وەرگرتبوو ئەنجامی چارەسەرکردنەکەیان زۆر باش بووە بە رادەیەك لە 10 نەخۆش 9 یان چاکبوونەتەوە . ئەوەی راستی بێت ئاسایی پزیشك دەتوانێت 1200 ملگم ئەنتیڤایرۆسی ریباڤیرین بدات بە نەخۆش بەڵام بۆ ئەم جۆرە زەردووییە پزیشك دەتوانێت 2500 ملگم و لە هەندێکی باری دی دا 4000 ملگم (4 گرام) لە دەرمانی نێوبراو بدات بە نەخۆش . هەرچەندە ئەنتیڤایرۆسەکە بە رێژەی ئاسایی دەبێتە هۆی کەمخوێنی وەلێ ئەمرۆ بە هۆی دەرزی تایبەتەوە پرۆسەی دروستکردنی خوێنی زەردوویيدارەکان دەهەژێنرێت و تا رادەیەك توانراوە بەسەر ئەو نیشانە لاوەکییەدا سەربکەون .

سەرنج : نزیکەی 30 ساڵ دەبێت کە دەرمانی ریباڤیرین هەیە پاش ساڵی 1990 وە دژی زەردووی جۆری C و سییە سۆی RSV بەکاردەهێنرێت .

سەرچاوە

سوود لە لاپەڕە 23 ی هەفتەنامەی Dagens Medicin ی ژمارە 9 ی 2 مارس ی ساڵی 2005 ی وەرگیراوە .